# (( پەستیەکی کاڵ ))



لارزۆ بەکر 20051202

دڵم ئەڵێم....
شوێن پێکانی خۆشەویستیم
یەکە یەکە هەڵ گرمەوە
دڵم ئەڵێم....
جێی ژووانەکان کۆکەمەوە و
هەگبەی بەختم توند گرێدەم
دڵم ئەڵێم....
هەرچی نامەی حەزلێکردن و
ئەو هۆنراوەی دڵداریمە بیسوتێنم
دڵم ئەڵێم....
چی پەرتوکی یادگاریمە و
کام دیاری لە ئەوین بێ بیان دڕێنم
گوڵم ئەڵێم....
بۆیەک جاری لەبەهاری گەنجی خۆمدا
بەجێت بێڵم .... بەجێت بێڵم.

larzobaker@hotmail.com